# شیعرێکی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)

## (١٢٧٢ – ١٣٤٥ی هەتاوی = ١٨٩٣ – ١٩٦٧ ی زایینی)

**ئەنوەر سۆڵتانی**

ئەم پارچە شیعرەم لە کەشکۆڵی مەلا ئوەیسی عوسمانی(١٢٨٢ – ١٣٣٩ ی هەتاوی = ١٩٠٤ – ١٩٦٢ ی زایینی)(١) دا دۆزیوەتەوە. شیعرەکە مەلا ئەمجەدی عوسمانی هۆندوویەتەوە، کە مەلا، خۆش خەت، حەککاک، هونەرمەند و سیاسەتکارێکی ساڵانی دەووبەری کۆمەڵەی ژێکاف (١٩٤٢ – ١٩٤٥) و کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بوو، لە کۆمەڵەی ژێکاف دا بە ناوی نهێنی 'کاک' ەوە دەناسرا، ناسناوی شیعریی 'ئەمجەد' بوو و لە گوندی قەڵای ڕەسووڵە سیتی سەرچۆمی مەجیدخان لە نێوان میاندواو و بۆکان دەژیا.

مەلا ئوەیس ناسراو بە 'مەلا بابەوەیسی'، برای مەلائەمجەد و مەلایەکی دڵسۆزی گەل و نیشتمان بوو و دوور نییە ئەویش، وەک مەلا ئەمجەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووبێت.

کۆپییەکی ناتەواوی کەشکۆڵە شیعرێکی مەلابابەوەیسی ئیستا لە لای ڕێزدار حەسەنی قازییە و چەندساڵێک پێش ئێستا کە پێکەوە خەریکی ساغکردنەوەی شیعرەکانی نەمر سەیفولقوزات بووین فۆتۆکۆپییەکی کەشکۆڵەکەی دامێ. سەرجەمی کەشکۆڵەکە ٨٨ پەڕەیە و لەبەر ئەوەی ٨٠ پەڕەیان لە لاپەڕەی دوانەدا کۆپی کراون، دەقەکەی بەردەستی من سەرجەم بۆتە ٤٨ پەڕەی ئەلف و ب. زۆربەی لاپەڕەکان لە ٣ ستووندا نووسراون و شیعرەکان بەگشتی کوردین بەڵام هەندێک شیعری فارسی شاعیرانی ناسراوی ئێرانیش وەک فیردەوسی، سەعدی، جامی و ... یان تێکەڵ کراوە. سەرەتا و کۆتایی کەشکۆڵەکە بە دەستەوە نییە و نازانرێت لە بنەڕەتدا چەند پەڕە بووە. بەشێک لە نوسخەی بەردەستی کاک حەسەن، پەڕەی لێک دابڕاون و من بە یارمەتی ناوەرۆکی شیعرەکان بردوومنەتەوە سەریەک و ژمارەی پەڕەم بۆ داناون.

بەشێکی کەم لە شیعرە کوردییەکان بریتیین لە شیعری نالی، ناری، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، حەریق، و ئەحمەدموختاری جاف (کە ئەو بە'*ئەحمەدبەگی سەقزی*' ناوی بردووە). ئەو شیعرانە هەموویان پێشتر بڵاو بوونەتەوە و بەم بۆنەیەوە واهەیە بایەخێکی بەڵگەنامەیی ئەوتۆیان نەمابێت. بەڵام زۆربەی لاپەڕەکان تەرخانی شیعری شاعیرانی هاوچەرخ و هاو سەردەمی خۆی کراوە کە لە ناویاندا سەیفولقوزات، هەژار، هێمن، قازی کاکەحەمەی بۆکان (قزڵجی)، مەلا ئەمجەدی قەڵایە، و شەخسی خۆی، بەرچاون. ناسناوی شیعریی مەلا بابەوەیسی بە پێی شیعرەکان، 'سابیر' بووە.

ساڵی نووسرانی کەشکۆڵەکە، بەگوێرەی دەربڕینی ڕاشکاوی نووسەر خۆی (لاپەڕە ١٠ و ٤١ ی کەشکۆڵەکە)، ١٣٣٩ ی هەتاوی واتە ١٩٦٠ / ١٩٦١ ی زایینییە ولە سەردەمی ئێمە گەلێک نزیکە.

من بابەتێکم لەسەر مەلا بابەوەیسی و کەشکۆڵەکەی نووسی و هاوڕێ لەگەڵ چەند پارچە شیعری خۆی و مەلا ئەمجەدی برای لە سێ ژمارەی گۆڤاری *مەهاباد* دا بڵاو کردەوە(٢) هەروەها چەند شێعری نەمر قازی کاکەحەمەی قزڵجیشم لە سەر بنەمای کەشکۆڵەکە لە هەمان گۆڤاردا چاپ کرد(٣).

بەداخەوە پارچە شیعرێکی گرنگی مەلا ئەمجەد لە گۆڤارەکەدا بە ناتەواوی چاپ کرا و هەربۆیەش بە پێویستم زانی لێرەدا بە سەرجەمی بڵاوی بکەمەوە.

شیعرەکە هاوشێوە و هاوناوەرۆکی پارچە شیعرێکی ماموستا هێمنە و لە هەردوکیاندا دژ بە ئاغاوات و سەرەک عەشیرە کوردەکانی ناحەزی کۆمار هەڵوێست گیراوە و هێرشیان کراوەتە سەر. هەردوو شاعیر شانازی بەوە دەکەن کە 'بێ باک' و 'نەترس'ن و دەوێرن قسەکانیان بکەن، جا گرنگە بزانرێت ئەو نەترسی و بێ باکییە بەرانبەر بە کێیە:

دیارە شاعیرەکان لە حکوومەتی ناوەندی ئێران نەترساون لەبەر ئەوەی لە ساڵانی دوای شەهریوەری ٢٠ و ڕووخانی حوکمی ڕەزاشا و هەڵایسانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا گوتراون و لەو سەردەمەدا ناوچەکە ئازاد و بێ مڵۆزم بوو و کەس لە ژاندرمەی تریاکیی ڕژیمی محەممەدڕەزاشایی نەدەترسا. ڕووسەکانیش ڕووسی قەیسەری نەبوون کە قەتڵی عامی خەڵک بکەن، عوسمانی و تورکیش تاقەکەسیان لە ناوچەکە نەبوو. ئازەربایجانییەکانیش بە شێوەیەک هاوکار و هاوپشتی کۆمار بوون و دەسەڵاتێکی بەکردەوەی ئیداری و سوپاییان لە کوردستان نەبوو. دەمێنێتەوە کۆماری کوردستان خۆی: هەردوو شاعیرەکان ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان ئەندامی حزبی دیموکڕاتی کوردستان و سەربازی گیانفیدای کوردستان و دڵسۆزی خاک و نیشتمانی کوردان بوون و نەک هەر ترسێکیان لە دەسەڵاتداریتی کورد نەبوو، بەڵکوو جێگەی متمانەی بەرپرسانی کۆمار و لە ڕاستیدا بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی و کارگێرایەتی کۆمار بوون.

بەم پێیە، ترسێک ئەگەر بمێنێت دەبێ لە دەسەڵاتدارانی خۆجێ یی واتە ئاغاوات و سەرەک هۆزەکان بووبێت، بە تایبەت بەشێک لە ئاغاواتی دێبوکری کە بەکردەوە دژایەتی پێشەوا وحکوومەتی کوردستانیان دەکرد و هەرکام لەناوچەی خۆیاندا دەست ڕۆیشتوو و خاوەن زەبروزەنگ و تفەنگچی و نۆکەر و دەست وپێوەند بوون. بەبۆچوونی من مەلا ئەمجەدیش وەک هێمن شانازی بەوە دەکات کە لە مڵۆزمانی کۆمار و سەرەک هۆز و ئاغاکان ناترسێت و بوێریی ئەوەی هەیە بە قەڵەم هێرش بەرێتە سەر ئەو ئاغاواتەی وا '*بەنەسەب کورد*' بەلام '*عەجەمخوا*' ن و '*لەسوێی قەند شێت بوون*' و '*کۆیلەی کارخانەی قەند[ی میاندواو]ن*' ،'*دەست لە تورک هەڵناگرن*' و '*هیچ قسەیەکی خێر بۆ کورد ناکەن*' .

ئەو ئاکامەش کە شاعیر لە قسەکانی خۆی وەردەگرێت هەر سەرنج ڕاکێشە:

*" هەتا سەرگەورەی میللەتی کورد خان وئاغا بن؛ هەتا کورد لەگەڵ یەک پاک و برای ڕاستەقینە نەبن؛ هەتا لەجوابی خواستی دوژمن و نەیاردا نەڵێن 'نا'؛ هەتا تەرکی تورکان نەکەن؛ هەتا سەرەک هۆزی مەنگوڕ و مامەش و دێبوکری و گەورک و بەگزادە، غەیریان لە خۆیی پێ چاکتر بێت؛ هەتا مەلا و شێخ و قازی و ئاغا فریوی تایەک قەند و تۆپێک چیت بخۆن؛ هەتا کورد یەک نەگرن و لەویش گرنگتر، هەتا 'ئاغا' واتە سیستەمی فیئۆداڵی لەناو نەبرێت، و 'هەژار' و گوردوون' واتە کۆمەڵانی*

*خەڵکی زەحمەتکێش دەسەلات بەدەستەوە نەگرن؛ وهەوڵی ئیستیقلال و سەربەستی کورد نەدەن، خەباتی گەل بەئەنجام ناگات. بۆ ئەم کارەش، پێویستە هەڵەی سمکۆ دووپات نەکەنەوە(؟) و کەڵک لە بارودۆخی نێونەتەوەیی و جیهانی وەربگرن و بەم شێوەیە ببنە خاوەنی 'شا'یەکی کورد، هەموو ئەو شتانەش بە یارمەتی 'حق اللە' و 'رسول اللە'' واتە ئایین'.*

ئەوە دەقی تایپکراوی شیعرەکەی مەلا ئەمجەد، هەروەها کۆپی لاپەڕەی پەیوەندیداری کەشکۆڵەکە (٣٠ ب و ٣١ ئەلف)(٤):

## کەلامی "کاکە"(٥)

قسەیکی دیم لەبیر ماوە بە قاو دەیڵێم و ناترسم

لەبابەت کورد و ئاغاوە بە قاو دەیڵێم و ناترسم (٦)

زمانم ڕووی لە ئاغایە، ئەڵێم بێ ترس و بێ پایە،

لەگەڵ کرمانج قسەم نایە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

زمانی کورد دەبێ پاک بێ، برای ڕاست و برای چاک بێ،

زمانی ماری زوححاک بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

ئەوی ئاغای موکریانە لە سوێی قەند بوونە دێوانە

وەکوو عەبدن لە 'کارخانە' (٧)، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

ئەڵێن ئاغا لە خەودایە، قسەی کوردانی لا بایە

نەسەب کوردە، عەجەمخوایە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

قوڕی دنیا بەسەرداکە، لە حەیفی کوردەکان "کاکە"!

هەمووی هەر غەیری پێ چاکە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

هەتاکوو گەورە بێ باک بێ، خراپە و پاک (؟) لەلا[ی] چاک بێ،
بچووک مەجبوورە غەمناک بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

کە ئاغا و ساحێبی ئەملاک نەیان بیست"*اترکوا الاتراک*" ،
دەبێ کورد ڕێک کەون سەرپاک، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

بە مڵك ومال و زێو وزێڕ، عموومیان بوونە ملیۆنێر
نەیانکرد قسسەیێکی خێر، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

هەتا سەرگەورەمان خان بێ، دەبێ کورد شوان و گاوان بێ،
ئەسیری تورکی ئێران بێ، بەقاو دەیڵێم و ناترسم

هەموو مامەش لەگەڵ ئاغا، لەسەر کوردان نەیانکوت 'نا'
نەیانکرد دوو قسەی بێجا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

کە مەنگوڕ بوونە سەرکردە، دەڵێن هەر قوڕ بەسەر کوردە
ئەوی بووش، چوونە ناو پەردە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

هەتا دێبوکری سەردار بێ، دەبێ کورد ڕووت و بێ کا[ر] بێ،
ئەسیری دەستی ژاندار بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

گەورک و ئێلی بەگزادە، لە ترسا بەو دڵی سادە
گەلی کوردیان بەئاودادا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

بەشێخ و قازی و ئاغا، کەچوون بۆ بادکوبە و جولفا،
چییان کرد بۆ مە؟ ماشەڵڵا! بە قاو دەیڵێم و ناترسم (٨)

بە تۆپێ چیت و بارێ قەند، لەئاغاکانی دەوڵەتمەند (٩)

ڕەشادەتیان کرێ و لێ سەند، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

ئورووپا و ئاسیا سووڕا، بۆ کوردان سەد وەرەق گۆڕا،

نەیانکرد*"امرهم شورا"* ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

کە ئاغاکان لەنێو لاچن، 'هەژار' و 'هۆرنر' و 'گوردوون'(١٠)

لەوان زۆر چاتر و وێچوون، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

وەرن کوردان بە تەڕدەستی، بۆ ئیستیقلال و سەربەستی

بە هەویای کەس مەکەن سستی، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

وەرن کوردان وەکوو 'سمکۆ'، مەکەن ڕاکەن هەتا ژینۆ(١١)

لەوێ کارتان بکەن یەک لۆ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

بە یاری زاتی 'حق الله' بە هەویا[ی] تۆم ڕەسوولەڵڵا!

کە ئەمجارەش نەبین بێ شا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم.

تەواو بوو/ ٤٤٤

---

١. بە گوێرەی زانیارییەک کە لە ڕێزدار عەلی عوسمانی کوڕی نەمر مەلا ئەمجەد و برازای مەلابابەوەیسیم وەرگرتووە، مەلابابەوەیسی کوڕی مەلا محەممەد حەسەن لە ٢٤ ی زیحەججەی ١٣٢١ی مانگیدا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی لە گوندی باخچەی فەیزوڵڵابەگی کۆچی دوایی کردووە. من دەبوایە ئەو ساڵە مانگی و هەتاویانەم ڕێک بخستایە و بمکردنایەتە یەک. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی من، ٢٤ ی زیحەججەی ١٣٢١ ی مانگی بەرانبەرە لەگەڵ ١٢ی ڕەشەمەی ١٢٨٢ ی هەتاوی، گەرچی وا هەیە چەندڕۆژێک ئەملاو ئەولاشی هەبێت.

٢. گۆڤاری مەهاباد، چاپی مەهاباد، ژمارە ٦٥ تا ٦٧، پووووشپەڕ تا خەزەڵوەری ١٣٨٥ ی هەتاوی [٢٠٠٦ ی زایینی].

٣. هەمان سەرچاوە، ژمارە٧١ و ٧٢، ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٨٥ ی هەتاوی [٢٠٠٧ ی زایینی].

٤. ژمارەی پەڕەکان من دامناون.

٥. لە کەشکۆڵەکەدا ئەم دوو ووشەیە بە شێوەی فارسی نووسراون:*"کلام کاکه"* . نووسینە فارسییەکە دەتوانرێت بە دوو شێوە بخوێنرێتەوە:

- کەلامی*'کاک'* ە؛ یا

- کەلامی 'کاکە' یە.

من بە شێوازی یەکەمم خوێندۆتەوە لەبەر ئەوەی نەمبیستوو مەلا ئەمجەد 'کاکە' ی پێگوترابێت، گەرچی هەر لەم شیعرەشدا جارێ بە 'کاکە' بانگی خۆی دەکات.

٦. وەک لە ووتارەکەی گۆڤاری مەهابادا ئاماژەم پێکردووە، ئەم شیعرەی نەمر مەلا ئەمجەد هاو شێوە، هاو واتا و هاوکێش و هاوسەروای شێعرێکی نەمر مامۆستا هێمنە و لەباری واتا و ناوەرۆکەوە هەردوک سیاسین و هی سەردەمی کۆماری کوردستان و دژایەتی بەشێک لە ئاغاوات و سەرەک هۆزەکان لەگەڵ کۆماری کوردستانە. نموونەی ئەو هاوچەشنییە:

<u>هێمن</u>:

خودای ئاغاوەتان قەندە، لەبۆ قەندن هەموو بەندە

بەحاڵی وان دەکەن خەندە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم ...

<u>کاک</u>:

ئەوی ئاغای موکریانە، لە سوێی قەند بوونە دێوانە

وەکوو عەبدن لە کارخانە، بەقاو دەیڵێم و ناترسم ...

بەڵام بڕیار لە سەر ئەو خاڵەی کە کام شاعیر پێش ئەویتریان شیعری خۆی گوتووە و کامیان ئیستیقباڵی شیعری ئەویتری کردووە، بۆ من لە گونجان نایەت و دەبێ ڕێکەوتی گوتران یا چاپی هەردوکیان ڕوون ببێتەوە جا بڕیار بدرێت.

٧. کارخانەی قەندی میاندواو. ئەوەش ئاماژەیەکە بە قاتی و گرانی قەند لەو ساڵانەدا.

٨. دەست نیشانکردنی دوو سەفەری ساڵی ١٣٢٤ ی چەندکەس لە پیاوماقووڵانی ناوچەی موکریان بە نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ باکۆ.

٩. لەگەڕانەوەی باکۆدا چەند تا قەند و چەند تۆپ کووتاڵیان باربووی نوێنەرەکانی کورد کردبوو.

١٠. سێ ناوی ئاسایی کوردی، بە نیشانەی خەڵکانی ڕەش وڕووتی کورد، لەبەرانبەر ئاغا و دەسەڵاتدارانی کورددا.

١١. جنێڤی پێتەختی ئوتریش (نەمسا)؟

30B ✓ کلام کاکە

30A

دەستە وەی
کلام کاکە

## 30B

کلام کاکە

[illegible]

الێن ئاغا لە خودا بە قصیدە گوردانی لاوا بە    ستاد بیگوگر سەردار بەدە کوردە دلوا کابە
ئنیب کوردە عجم خوا بە لیقاد وادی لیم نا ترسم    سەر دەست زانزار بە لیقاد وادی لیم نا ترسم

## 30A

[illegible]

امرا می کورد گکان ئەوە نا مورد ئاکاکە
نە نخجە وضیفە نبا ئووی (کاکە)

تمت شد لە دو خفت
نە خورشید ئو شیدە وە خنو
جی ئالە یەن لیفت

بەکاو دەیلێم و ناترسم

کاکە ↑

↑

تمت شد لە دوە ختی
نە خورشیدا ئو شیدە وە
لەم ئیلوچی دا لە بن لیفەدا

کاکە ؟

31B تەواو 31A

ئەوە ناهیە

[illegible]

ئەوە ناهیە

[illegible]

کەلەکەی کەنز دنیو لاچنی پراسیە پوری گرد دین کوردستان بری ئریشی بو
لەوان زۆرن چاترە دوری چیشتی لقا و دریمو و نا ترسم ... اوه نابو کیفی خۆشی بو

کلام کاکە حسن
کاکە حمەی
بۆکان
١٣٤٣/١١/١٢